




# تورکیا لە کوردستان چی دەوێت

کێشەی نێوان تورکیا و کوردستان بە داخستنی بارەگای حیزبەکان کۆتایی نایەت . تورکیا هەوڵدەدات بچمی سەرکردایەتی کورد لە کوردستاندا ناشرین بکات و جارەکی تر دووچاری شەڕی خۆکوژیان بکات . ئەو ئەزموونە بۆ سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی گرنگە ، بۆ ئەوەی مەرامەکانی تورکیا نەهێننە دی و خۆیان لە شەڕی کوردکوژی بە دوورخەنەوە. گەلی کورد لە کوردستانی تورکیا هێزێکی فرە کاریگەرە ئەگەر بێت و ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری ئەنجام بدات . ئەوکاتە لەشکری تورکیا دەخاتە بەر فشاری سیاسی و سەرشۆڕکردن و دانووساندن لەگەڵ نوێنەرانی خەڵکی کوردستان بۆ ئەوەی مافەکانی کورد لە کوردستانی تورکیا بێتە دی . زمانی هەڕەشە و شەڕ ئەوەندە باوی نەماوە هەتا تورکیا خۆی پێهەڵکێشی و بتوانێت سنووری وڵاتێک ببەزێنێت کە لە لایەن ئەمریکاوە داگیرکراوە . ئەمریکا ناتوانێت ببێتە پردێک و لەشکری تورکیا بەسەری تێپەڕێت . لە عێراقی تازەدا ، هەرێمی کوردستان ناوچەیەکی ئارامە بۆ لەشکری ئەمریکا ،بە هاتنەژوورەوەی لەشکری تورکیا ئەو ناوچەیەش نائارام دەبێت بۆ لەشکری ئەمریکا . بۆ ئەوەی ئەو ناوچەیەی هەرێمی کوردستان ، کە ئازادە بۆ سەربازەکانی ئەمریکا هەر ئاوا بە ئارامی بمێنیتەوە دەبێت ئەمریکا ڕێگای تورکیا نەدات دەست لە کاروباری هەرێمی کوردستان وەربدات . خۆ ناکرێت پێشمەرگە و گەنجی کورد هەر سەیری لەشکری تورکیا بکەن و هیچ کاردانەوەیەکی نەبێت . دەبێت جەماوەری کورد ، کوردستان بۆ لەشکری ئەمریکا بکەنە گۆڕستان بۆ ئەوەی سەرنزمی بۆ ئەمریکا بمێنیتەوە و قەیسەریان لێبکەنە کونەمشک هەروەکو لە ناوچەکانی تری عێراق ناتوانن بە ئازادی بسوڕێنەوە ئاواش نەتوانن لە کوردستان بە ئازادی خۆیان بسوڕێنەوە . بەرژەوەندی ئەمریکا لەوە سەرچاوە دەگرێت کە ناوچەی هەرێمی کوردستان ئارام بێت و بەرژەوەندی کوردەکانیش ژیانێکی ئاسودەیە لە ناوچەکە و سەرفرازی پەڕلەمان و دەسەڵاتە .چەکدارانی گرۆپەکوردی یەکان دەبێت خۆیان دوورخەنەوە لە شەڕی خۆکوژی و دژایەتی کردنی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی رژێمەکان بەکاریان نەهێنن بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان . کورد دەبێت بەچاو سوورکردنەوە بەرژەوەندی یەکانی بخاتە بەرچاوی دەسەڵاتدارانی ئەمریکا و تورکیا . تازە هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا و ئێران و سوریا دەبێتە ئەو دڕکە لە چاوانیان دەچەقێت ئەگەر بێت و ئەو رژێمانە چارەسەری مەسەلەی کورد بە ئاشتیانە نەکەن .

فەهد گردەوانی 2007/11/4ستۆکهۆڵم